# قسەو باسی هەلالە رافع لە پەرلەمانی سووید سەبارەت بە باروو دۆخی عیراق!

halala_rafii@yahoo.com

قسەو باس وە گفتووگۆ کردن سەبارەت بە کۆمەلگای عیراق لە ئەمرۆدا زۆر گرنگ وە پیویستە، منیش سوپاستان دەکەم کە ئەم فرسەتەتان پیداوم تا لە نزیکەوە ئیوە لە باروودۆخی سیاسی وە کۆمەلایەتی خەلکی عیراق ئاگادار بکەم.

من لیرەدا بەنوینەرایەتی هیچ قەومیەتیك، ئایینیك وە عەشیرەتیك نەوەستاوم، بەلکو وەك هاوولاتیەك کەلەدیدگایەکی ئینسانیانەوە دەروانمە دیاردەکان دەمەوی چەند راستیەك وە وینەیەکی واقعیانە لە کۆمەلگای عیراق بخەمە بەردەستتان. وە شیوەی کارەکەشم لە مەیدانی ژناندا وای کردوە کە سەفەر زۆر ئەکەمەوە بۆ عیراق، وە لەنزیکەوە ئاگاداری زۆریك لەو باروودۆخە ناهەموارە هەم کەبەسەر خەلکدا سەپینراوە،

بیگومان رۆژانە لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە CNN, BBC وەدەزگا سویدیەکانەوە ئاگاداری ئەو باروودۆخە هەن، کەبەم شیوەیە بەیانی دەکات:

لەچاوی ئەودەزگایانەوە عیراق وولاتیکی دوواکەوتوو ئیسلامی و ئیرهابیە وە گوایا ئەمریکا هاتوە دیموکراتی تیدا بەرقەرار بکات!

لەویدا وا نیشان ئەدریت کە گوایا عیراقیەکان بەوویستی خۆیان چونەتەبەردەم سندووقەکانی هەلبژاردن وە دەنگیان بە ئیسلامی سیاسی وە سیستانی داوە!

لەویدا قسەلەسەر ئەوە دەکریت کە لەکوردستاندا لە ژیرسایەی سۆسیال دیموکراتەکانەوە ئەمن و ئاسایش وە ئازادی بەرقەرارە!

ئایا ئەمانەن واقعیەتن؟ بیگومان نا! ئەمانە تصویریکی هەلگەراوەیە لەکۆمەلگای عیراق وە تارادەیەك دروستکراو.

راستە عیراق کۆمەلگایەکە زمان، ئایین، عادات و تەقالید، سونەت وە سیاسەت و ئەحزابی جیاوازی تیدایە، بەلام ئەم جیاوازیانە نین کە بونەتە هۆی ئیرهاب و شەری قەومیو تایەفەگەری، بەلکو خودی پیکهاتەی حکومەتیکە کە لە نوینەرانی( ئیسلامی سیاسی، قەومی وە عەشیرەتیە) کە بۆش لە عیراقدا پیکی هیناوەو رقو کینەی تائیفەگەری و قەومچیتی برەو پیدەدات، وە ئەمە وایکردوە کە لە ئیستادا تیروریزمی سەر جادە حوکم دەکات لە جیگای دەولەتی دروستکراو وە ئەتوانم بلیم شەری ناووخۆ بەرقەرارە کە هەر لەسەرەتاوە ووتومانە؟ ئایا ئەمە چ دەولەت و دەسەلاتیکی پیدەوتریت؟

ئەوەی بە کۆمەلگا دەگەریتەوە خەلك دژی ئەم باروودۆخەیە کە بەسەریاندا سەپیندراوە، خەلك ئەمنیەت و ئارامی و ئازادی سیاسی و مافە فەردی و مەدەنیەکانی دەویت.

خەلك بە تەهدید بە زۆری چەك وە زەبروزەنگ ناچار ئەکریت کە بچنە پای سندوقەکانی دەنگدان وە مەجبوردەکرین کە پەنجەکانیان مۆربکەن وە دەنگ بە لایەك بدەن، لە باشور ئەگەر دەنگ بە ئیسلامی سیاسی نەدەن ئەوا دەکوژرین وە لە کوردستانیش ئەگەر بە یەکیەتی و پارتی نەدەن نان براوەدەکرین وە لەسەر کاردەردەکرین ئەگەر کاریان هەبیت. ژیان وە پاروە نانی خەلك بەستراوە بەوەی کەلەگەل کام حیزب وە یان میلیشا کاردەکەن! ئایا ئەمە میکانیزمی بەریوەچونی کۆمەلگایەکی نۆرمالە؟

ئەگەر باس لە کوردستان بکەین راستە باروودۆخی ئەمنی تارادەیەك جیاوازە، بەلام تا ئەو کاتەی کە کوردستانیش بەشیکە لە عیراق وە هەمان حکوموتی مەرکەزی و دەستووروو یاسای هەبیت خەلك هەر بە نائارامی دەژین وە گومانی تیدا نیە کە لەهەر ئان و ساتیکدا لەویش بتەقیتەوە وە ئیرهاب دەست پی بکات کە هەندیك جاریش رووی داوە، وە پیشتریش خەلکی کوردستان لەگەل نەهامەتی شەری ناوخۆدا زۆر ژیاون.

وە لە ئیستادا هەروەك ئاگاداری نارەزایەتیەکانی شاروو شارۆچکەکانی وەك سلیمانی، هەلەبجە، کەلار، چەمچەمال بوون کە لە دژی فەسادی ئیداری بیئەندازەی حیزبە دەسەلاتتدارەکان وە لە دژی نەبوونی سەرەتایترین پیداویستیەکانی ژیان وەك ئاوو کارە با، گازوو بەنزین بەریخرا وە نارەزایەتیەکان بە تەهدیدو زیندانی کردن وە تارادەی تەقە لیکردن وەلام درانەوە. حکومەتی کوردستان

16 ساله دەسەلاتی بەدەستە نەیتوانیوە تەنانەت ئاوو کارەبا بۆ خەلکی کوردستان دابین بکات، ئایا حکومەتیکی لەم جۆرە چاوەریی چی لیدەکری؟

لە باروو دۆخیکی لەمچەشنەدا بیگومان خەلك لەهەولی ئەوەدا دەبیت کە ژیانی خۆی و مندالەکانی لە مەرگ و کوشتار بپاریزی وە بە دەردیسەریەوە ریگەی هاتنە دەرەوە بۆ وولاتانی دراوسی و ئەوروپا دەگرنە بەر.

**کەواتە ریگا چارە چیە؟**

**لەسەر ئاستی نیودەولەتی،** ئیمە هەر لەسەرەتاوە دژی شەر بووین وە ئیستاش پیمان وایە موشکلەی سەرەکی داگیرکاریە، چ مانایەکی هەیە حکومەتی بۆش بۆ بردنەپیشەوەی بەرژەوەندیەکانی یاری بە ژیان وە چارەنوسی کۆمەلانی خەلکەوە بکات، ئەم داگیر کاریە دەبیت کۆتایی پی بیت وە ئەمریکاوو هاوپەیمانەکانی بچنەدەرەوە. وە حکومەتی سویدیش وە وەزارەتی بەرگری چاووبە سیاسەتی خۆیدا بخشینیتەوە لەم بارەوە. وە تەنها ئەمە هەنگاوی یەکەمە بۆ کەم کردنەوەو نەهیشتنی ئیرهاب وە تیرور، بیگومان لە پال ئەمەشدا هەولدان بۆ وەلانانی تیروریزمی ئیسلامی سیاسی.

**لە ناووخۆی عیراقدا،** نابیت ئەوەمان لە بیرچیت کە عیلمانیەت وە هیزی یەکسانی خواز لە عیراقدا هەیە وە بەهیزە و دەبیت لە باری سیاسی و مەعنەو ی و مالیەوە پشتیوانە بکریت ، بەلام ریگای گەیشتنی ئەم پشتیوانیە حکومەتی عیراق وە کوردستان نیە، سەرنج بدەن سەرۆك وە بەرپرسەکانی ئەمروی عیراق وە کوردستان هەموو ملیاردیرن وە ئەو فەسادەی کە لەوی هەیە لە هیچ شوینیکی ئەم دنیایە وجودی نیە، هەر لەبەر ئەوە ریگای گەیشتنی ئەو پشتیوانەیە هیزی جەماوەری وە ئازادی خوازی ژنان، لاوان وە عیلمانیەتە لە ناو کۆمەلگا، وە تەنها لیرەشەوە کار دەکریت بۆ دووبارە سازدانەوەی پایەکانی کۆمەلگای مەدەنی، وە پیم وایە خەلك لەو کاتەدا دەنگ دەدات بەو هیزە عیلمانیەی کە باوەری بە پیکهینانی دەولەتیك هەیە دەستورەکەی لەسەر ئەساسی قەومیو و دینی و تایفەگەری دانەریژرابی.

وە لە لایەکی ترەوە ئەوەی کە پەیوەندی بە لیشاوی پەنابەریەوە هەیە لە ئەوروپادا، وا پیویست دەکات کە سیاسەتی ئەم وولاتانە زۆر بە شیوەیەکی مرۆڤ دۆستانە هەلسوکەوت لەگەل ئەم دیاردەیەدا بکات، هاوکاری تەواوی ریکخراوە مرۆڤ دۆستەکان وە ریکخراوەکانی پەنابەران بکات بۆ کۆمەککردنی ئەو پەنابەرانەی کە روودەکەنە ئەم وولاتانە، کە لە شەروو ترس و تەهدیدەوە رایانکردوە، وە بگومان ئەمە ئامادە کاریەکی زۆری دەویت چ لە ئاستی دەولەتدا وە چ لە ئاستی ریکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و بەرەی ئینسانی خوازەوە.

**هە نیك جار ئامارەکان خۆیان دەدوین!**

**کوژراو:**

| سەرچاوە | مردن | سال |
|---|---|---|
| Iraq body count | 43 491- 48 283کەس | 2003 – 2006 |
| وەزارەتی ناووخۆ | % 75زیاتر لەو ئامارەی سەرەوە | 2003 – 2006 |
| NGO ریکخراوی کۆمەلگای مدەنی | 128 000 کەس | 2003 – 2005 |
|  | 117 کەسانی مەدەنی، رۆژانە | 2005 – 2006 |
| رۆژنامەنوسانی بی سنور | 201 رۆژنامەنوس | 2003 – 2006 |
|  | 520 پزیشك وە پرۆفیسۆر | 2003 – 2006 |

| | | |
|---|---|---|
| | 1000 ئەو ئەکادیمیانەی کە رفیندراوون وە زۆربەیان کوژراون | 2003 – 2006 |

**مردن:**

| **سەرچاوە** | **مردن** | **سال** |
|---|---|---|
| کومەلیک پزیشکی عیراقی وە بەریتانی لە روژنامەی (lanset) | 655 000 کەس<br>ئامارەکە 20 جار لەو ئامارانە زیاترە کە بۆش داویەتی وە ئەلی 30000 کەسە. | 2003 – 2006 |
| | 602 000 لەمانە بە هۆکاری توندوو تیژی | 2003 – 2006 |
| | 500کەس روژانە لە ژیر ترس مەرگدان | 2003 – 2006 |

- نزیکی 1500 لیکۆلەرەوە وە ئەکادیمی لە عیراق رایان کردوە.
- نزیکەی 80 رۆژنامە نووس تەهدید بە مەرگ کراوون وە زیندانی کراون.
- لە دوار رووخانی رژیمی فاشی 200 رۆژنامە چاپ دەکرا، بەلام زیاتر لە 80 دانەیان قەدەغە کران.

**مندالان:**

بەیاننامەی مافەکانی منال لە سالی 1989 ئیمزا کراوە.

عیراق لە سالی 1994 ئیمزای خستە ژیری.

منالانی سەر جادە 67٪ - 84٪ لە دوای شەر زیادی کردوە.

52٪ مندالان واز لە قوتابخانە دەهینن لە ئیستادا.

**ژنان:**

52٪ هەموو عیراق ژنن.

زیاتر لە 70٪ ژنان بیکارن.

سەرچاوە: پاریزەری مەدەنی ( عەبدولا نوری ئالوسی)

| **جیابوونەوە** | **زەواج** | **سال** |
|---|---|---|
| 161 718 | 313 753 | 2004 |
| 145 444 | 342 211 | 2005 |
| زیاتر لە 70 % | | 2006 |
| 500 | | تەنها لە یەك مانگدا لە 2006 |

خۆ ئەوە فراندن، تەعەدا وە لەشفرۆشی هەر باس ناکری!!!!!

**پەنابەر:**

ژمارەی دانیشتوانی عیراق لە 26 ملیون پیکهاتوە.

| **ناوچە یان وولات** | **پەنابەر** | **سال** |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| | | |
| 2002 | 400 000 کەس | وولاتانی دەرەوە بە گشتی |
| پاش شەر | 50 % زیادی کردوە | |
| Jan-dec.2006 | 8100<br><br>1,7 ملیون<br><br>زیاتر لە یەك ملیون | ئەوروپا<br><br>لە نیوان ناوچە جیاوازەکانی عیراقدا<br><br>رایانکردوە بۆ وولاتانی دراوسی |
| | | |
| | | |

لە رۆژی 3 شەممە 2007\3\6 ووتوویژیك لە پەرلەمانی سویید ریکخرا سەبارەت بە باروو دۆخی عیراق وە ئەو لیشاوە زۆرە لە پەنابەرانی عیراقی کە روودەکەنە سوید وە ئەوروپا وە چۆنیەتی کۆمەك کردنیان. لەم کۆبونەوەیەدا نوینەرانی وەزارەتی دەرەوەی سوید، وەزارەتی کۆچ، ریکخراوی بەرگری لە مافەکانی ژنان لە عیراق، وەزارەتی عەدل وە نوینەرانی 7 حیزبی پەرلەمان تیایدا قسەو باسیان هەبوو.